# له باره‌ی جه‌نگ و ئاشتی-یه‌وه

و: سۆما رواندزی

له ناونیشانی رۆمانه به‌ناوبانگه‌که‌ی(جه‌نگ و ئاشتی)دا نووسه‌ر لیۆن تۆلستۆی ئاماژه به‌وشه‌ی جه‌نگ ده‌کات و پێگه‌ی یه‌که‌می پێداوه‌و، دووریشی نه‌کردۆته‌وه له وشه‌ی دیکه‌ی زێده ناسکتر ئه‌وه‌ی که پێی ده‌گوترێ ئاشتی، ئه‌و وشه ره‌گازۆبووه‌ی له‌نێو دڵی پڕ له هیواو ئاواتی مرۆڤایه‌تی.

له هه‌ندێک به‌شه‌کانی رۆمانی(جه‌نگ و ئاشتی)دا هه‌ڵکشانێک به‌ره‌و بنه‌ما پچڕ پچڕه‌کان به‌دیی ده‌کرێ وه‌ک هاوده‌نگییه‌ک بۆ به‌سه‌رهاتی ئه‌و که‌سانه‌ی که ده‌ژین و دوو تێڕوانینی گه‌وره‌و نموونه‌ییان له‌پێش چاوی خۆیان داناوه، له‌وانه‌ی که ئێمه ته‌واومان کردوون له ئازادی و په‌خشکردنی خۆشیی بۆ خه‌ڵک.

ئه‌وه‌ی له شته‌کان ماوه‌ته‌وه به‌ڕای خۆم وه‌ک نووسه‌ر ده‌ڵێ، بۆ ئه‌و دوو بنه‌مایه‌ی(جه‌نگ و ئاشتی) که دوو باری لێکجیاو دژبه‌یه‌ک پێکده‌هێن، وه‌لێ سه‌ره‌ڕای ئه‌وه شادمانیش حه‌قی خۆبه‌تی مشتێک له ساته‌وه‌خته‌کانی بدات به جه‌نگ وه‌ک ئه‌وه‌ی که ده‌یدا به‌ئاشتی.

هه‌روه‌ها شاعیری سڕبی(میودراک بۆلاتۆفیتش) له ناونیشانی رۆمانه جه‌نگییه‌که‌یدا به‌ناوی(جه‌نگ باشتره-الحرب هي الافضل) توانی مانای ئه‌و خۆشنوودیه به‌ده‌ربخات، که له ماوه‌کانی جه‌نگدا به‌خشرابوو، هه‌مان مانا له لاپه‌ڕه‌کانی رۆمانی(البدلة والفراء)و(تأويل سيىء) به‌ره‌ورووی بۆوه، که له‌به‌رامبه‌ریدا چێژی ماچ و هه‌واو جوولان...

هەروەها ئەو شتانەی کە گوایە بچووکن، لەگەڵ ئەو سۆزەی کە لە کاتی جەنگدا گرنگ و بنەڕەتی بوون. دەتوانین بڵێین هەموو ئەو وشانە سۆزێکن لەیاد ناکرێن.



لە یەکەم گەشتم بۆ ڕۆژئاوا نووسەرو بیرمەندی ناودار(سلڤادۆر دە مادریکادا)م ناسی، کە پسپۆرێکی ناوازەی ئیسپانیایی بوو و لە ساڵی ١٩٦٣ لە زانکۆی(فینا) لێکۆڵینەوەکەی ئامادەکرد.(دە مادریکادا) ئێستا تەمەنی نزیکەی ٨٠ ساڵانە، بەڵام چاوەکانی هەر گەشن و کەسێکی ڕووخۆشەو پیاوێکە لەڕووی ئەوەی دێت دەوەستێت. هەر لەم ساڵانەدا کەسایەتییەکی دیکە ئەویش هاوڕێ و شاعیری ئازیزم(ئەنتۆنیۆ بۆربیتا)م وەبیر دێنێتەوە..

لەوکاتەدا زانیم کە(دە مادریکادا) شێوەیەکی ڕوون و نووسینێکی جیاوازو چاویلکەیەکی زێڕین وەکو(ئەنتۆنیۆ)ی هەڵگرتبوو، لە تەمەنی لاوێتیدا خوێندنی ژیانناسی(علم الحیاة)ی خوێندووە، بۆ ئەوەی ببێتە شارەزایەکی لێهاتوو لەبواری زانستەکانی خۆڕسکی(العلوم الطبیعیة). بێ گومان سەبارەت بەدەوروبەری جیهان و خوازتنەوەی شیعرو فەلسەفە گفتوگۆی لەگەڵ دەکردم. ئەو کاریگەرییەی سەبارەت بەم گفتوگۆیە بەسەرم هات، وا دەردەکەوێ کە جیهان بەتایبەتی ئەو بوونەوەرەی لەسەری دەژین، بوونەوەرێکی بێ کۆتایی و گرژو توندە، هەروەکو چۆن ئەو ئاڵۆزییە نوێ ببێتەوە.

ئەو ڕۆماننووسە دیارەی کە لە قۆناغی لاوێتیمدا پێی کاریگەر بووم(گابریل گارسیا مارکیز) بوو، ماوەیەک لەمەوبەر لە وتارێک لەژێر ناوی(الخطوط المتقاطعة)دا باس لە دوو سەرکردەی جەنگیی کە لە (هاوپەیمانییەتی ئەتڵەس) دان ،کە ئەوانیش(خافیێر سۆلانا)و(ویسلی کلارک).

(سلڤادۆر دە مادریکادا) ئەو کەسایەتییە بوو، کە هەڵگری ڕێچکەیەک بوو، ئەویش باپیری(سۆلانا)یە، بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێین برای باپیرەی بوو. ئەو(سۆلانا) ڕۆشنبیرە یاوەری ئەو ریش سپی و پیاوماقووڵەی سلڤادۆر بۆ ماوەی سێ ساڵ کردووە، بەشێوەیەکی جوان

پێدەکەنی و هەموو جیهانی لەباوەش دەکرد، هەروەکو لە رەفتارەکانیدا ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە هەموو جیهان هاوڕێیەکی نزیکی ئەو بوو، تا ئەو سارایەی(سۆلانا) هۆنراوەی دڵداری بڵاونەکراوەی نووسیوەو، لەسەرووی ئەوانەش هۆنراوەی سەربازیشی نووسیوە. ئەو کارەی کە لەنێو ملیۆنەهای نایێنە ژماردن و زیاتر ترسناکی کردوون و بووەتە هۆی هێرشکردن لە لایەن(١٩) وڵاتی ئەورووپی بۆ سەر یەک وڵات ئەویش یۆگسلافیایە. ئەوانەی هێرشیان بۆ سەر یۆگسلافیای پێشکەوتوو کرد، لەپێناوی چی هێرشیان کردو ئەو شێوە ئازاردانەیان بەکارهێنا؟

(سۆلانا)ی بەدبەختیش لەسەر زمانی نووسەرەکەی(مارکیز) هاواری دەکرد، لەبەرئەوەی ئێمە بەیەکڕیزی خەڵکان بەرەنگاری تیرۆریان بووین، پێمان گوتن کە یۆگسلافیا لەژێر تۆقاندنێکی سەربازی دەناڵێنێ لە لایەن ئەو(١٩) وڵاتەوە. لەنێویاندا کەسانێک کە بەشێوەیەکی خەمناکەوە لە ئیسپانیا چاوم پێکەوتن و کەسانێکی دیکەش لە ولایەتە یەکگرتووەکان. ئەو وڵاتەی کە لە دە ساڵی کۆتاییدا خەڵتانی خوێن بوو. نووسەرو فەیلەسووف(دە مادریکادا) لە ماوەی دەسەڵاتداریتی(فرانکۆ) لە ئیسپانیا دوورخرایەوە نەیتوانی بێتە نێو وڵاتەکەی و نەشیتوانی لە ماوەی چل ساڵدا هیچ وتووێژێکی ئەکادیمی بڵێتەوە.

ئێستاش(سۆلانا)ی هاوچەرخ نەوەی(مادریکادا) بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێگای پێنادرێت هیچ وتارێک لە(بالنسیا) سەبارەت بە(جەنگ و ئاشتی) بڵێتەوە.

بۆ ماوەی(٤٠) رۆژ(بەلگراد) بۆردوومان کرا(واتە تا مێژووی نووسینی ئەو دێڕانە)، کە سەرکەوتنە نادروست و ساختەکانیان پلەخۆگرتبوو، ئەوەی بیرم دەخاتەوە لەو چەند دێڕە ناویان دێنم، کە چووبوون بۆ ئەو بۆردمانە. هەر لەبەر ئەو هۆیەو هۆی دیکەش بوو بۆم دەرکەوت کە(سۆلانا) گرنگیی بەجەنگ دەداو وەکو پەیکەرێکی بچووک وەسفی دەکاو،ماڵیکارەکان دەیجوولێنن و لە مردن دوورو نزیکی دەخەنەوە. ماڵیکارەکانی(واشنتۆن، لوندریش، برلین و پاریس) ماڵیکاری دیکەش هەبوون و هەروەها هەندێکی دیکەش دەمەوێ ناویان بیرخەمەوە، ئەوانیش(کلینتۆن،. بلیارد ئەسکروید شیراک) ئەوانە وشەی جەنگیان لەدوا کارتەکەیان وەکو ئاگادارکردنەوەیەکی کۆتایی بەکاردەهێنا.

ئەو وشەیە وەزیرەکانی دەرەوە ئەوانەی کلۆڵ بوون بەکاریان دەهێنا، لەوانە(کوک- بدرین- یەکێکی فەرەنسی و ئەوەی دیکەش ئینگلیزی).

وەزیرە هاوسێکانمان ئەوانەی چاویان پێمان کەوت زۆرتر نەرم بوون و دانیان بەڕۆڵی وشەدا دەهێنا، بەهەردوو زمانی جیاواز قسەیان پێدەکرد(ئەو وشەیەی کە لە ناوەڕۆکیدا باس لە ناکۆکی و دووفاقی) دەکات.

هەموویان بەیارمەتی هاوپەیمانە شەڕخوازەکان و دابڕاوە ئەلبانییەکان بەشێوەیەکی بەخشش بۆ(کۆسۆفۆ)ی وڵاتمان سەریان دانواند. هەروەکو چۆن لە میانەی سەدەکانی رابردوو رفێنەرانیان

هەبێ و وەک ئەوەبێ هیچ پەیوەندییەکمان بەو ڕفێنەرانەوە نەبێ، بۆچی ئامۆژگاری بەڕفاندنی(سیکس و لوریاناو بورکین و ئەسکۆسیاو تەنانەت پاریسیش) ناکەن.

ئەو داگیرکارو رفێنەرانە بەتۆپە ژەهراوییەکان هیرۆشیما وەبیرمان دێننەوە. ئەوانە دەیانەوێت بەو هەڵاداوانەی خۆیان لێبووردەیی بچەسپێنن، کە لە بانگەشە گومانلێکراوەکانیان و بەناوی دیموکراتی و سەرقاڵی مرۆڤایەتییان لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە ڕێگایەکی ئازاد هەڵبژێرن بێ دوودڵی و بەهەموو هێزێکیان وەکو کارەکەی خۆیان تۆقاندن بەکاربهێنن. نە ئەمریکییەکان و نە ئەوانی دیکە لە هاوپەیمانیەتیدا ئەندامێکی کارا نەبوون. تەنها وشەی دیموکراتی لە ئەلبانیای کۆسۆڤۆ لە لایان گرنگ بوو.

تۆقاندنێکی داگیرکاری لە ئەوانەی پێشکەوتن و دیموکراتییەتی راستەقینەیان هەبوو، دەتوانین بەوردبینییەکی گەورەتر بڵێین، کە ئەلبانییەکان ئامرازێک، یان هۆیەک بوون لە پێناو فەرمان پێدان بۆ ئەوانەی لە بنەڕەتدا(ئەرثۆدۆکس) بوون. وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ نزیکبوونەوە لە ئەوانەی کە بەم دواییە هێرشیان کردو خاوەن کاردانەوەیەکی خێرا بوون لە کارەکانیان بەرامبەر بەجیهان .

ڕۆڵێکی دووجەمسەری هەبوو لە(رامبو لایت و پاریس) بەرامبەر بەئەوەی لە(سرایفۆ) روودەدا، وەک ئەوەی، کە لە(ماسکرە)ی شەقامی(باسامیسینا)ی شارەکەمان روویدەدا. لە کۆتاییدا گەیشتینە هەڕەشەکانمان، ئیتر دیموکراتییەتی خێرا هێماکانی دامرکاندەوە لە سیستەمی نوێدا شەوانی ئەوروپایان ئاشکراکرد. هەربۆیە لە پێناو شارستانییەتیان مامۆستاکانیان مردنی حکوومەتەکان دەستنیشان کرد.

ئەو رفێنەرانە پێستە توندەکانیان لە زەوی(سربیا) دوورخستەوە، ئەو پێستانەی شۆڕشەکانی بەباشی مژی بوو، چونکە سیبیریا گەڕاوەکان باش دەناسێت.(سۆلانا)ی رووخۆشیش نامەیەکی رەوانە کردو تیایدا باسی لە دوورخستنەوەی باپیری(سلڤادۆر مادریکاردا) دەکات کە لە ماوەی چل ساڵدا بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی.

**تێبینی:**

* ئەو وتارە هی نووسەری یۆگسلافی(موما دیمتش)ە، کە بەزمانی ئیسپانی نووسیویەتی. وەکو گفتوگۆیەک بۆ کۆمەڵەی(بلنسیا) لە کۆنگرەی نووسەران خوێندوویەتییەوە، کە بەهۆی ئەو جەنگەوە لە یۆگسلافیا هەڵگیرسا لە کۆتاییەکانی دە یەیک کۆتایی هاتووە.

* موما دیمتش نووسەری لێهاتووی یۆگسلافی. ژمارەیەک کاری رۆمانی گرنگی هەیە. نووسینی شیعرو شانۆگەرییەکانی زیاتر ناوبانگی هەیە.

* کاتێ کە نووسەر(موما دیمتش) بەخۆی هاتووە بۆ بەغدا ئەو وتارەی بەشێوەیەکی تایبەتی بەدەستمی داوە (واتە وەرگێڕی بابەتەکە)...

**سەرچاوە:**

الصباح- ثقافة عالمية، ترجمات/ عدد/ ٦٩١
تأليف/ موما ديمتش